# کشانەوەی ئێکسۆن مۆبیل لە هەرێم

یادگار سدیق

٢٠١٦/١٢/٢٨

کشانەوەی ئێکسۆن مۆبیل لە سێ بلۆک لە کۆی شەش بلۆک قسەو باس و لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا . زۆربەی لێکدانەوەکان لەرووی سیاسی و لایەنگیری سیاسی پیوە دیار بوو زیاتر بەکشانەوە لە ناوچەی ژێر هەژموونی ئێران دیاری ئەکرا ویا بەسیاسەتی نوێی ئەمریکا بۆ ناوچەکە لێک ئەدرایەوە. ئەوکات بەندە بەجیا لە و لێکدانەوانە پێم وابوو ئەمە بەشێکە لە جێبەچی کردنی ئیلتزاماتی گرێبەستەکە کە رەهەندێکی تەکنیکی، یاسایی و ماڵی و هەیە..

لە سەرەتای ئەم مانگەدا و بەدیاری کراوی لە 2016/12/5 پێگەی ویکیلیکس چەند بەڵگەنامەیەکی بڵاو کردەوە لە ناویاندا یەکێکیان پەیوەست بوو بە ئێکسۆن مۆبیل و ئەو شەش بلۆکەی کوردستان ، کە حەزمکرد لێرەدا پوختەیەکی باس بکەم بەڵام پێش ئەوە بچمە ناو ئەو بابەتە زۆر بە کورتی و بە کوردی هەندێ ڕوونکردنەوە بە پێویست دەزانم پاشان بچمە سەر باسی زانیاری ڕاپۆرتەکەی ویکیلیکس.

بەشێویەکی گشتی پرۆسەکانی نەوت بە مۆڵەت دەستپێ دەکات وە بە پرۆسەی دوای داخستنی کێڵگاکە کۆتایی دێت واتە دوای کۆتایی هێنان بە بەرهەم و داخستنی ناوچەکە ین کێڵگەکە،دوایداخستن واتە: چی بکرێت ناوچەکە بخرێتەوە دۆخی پێش دەسپێکردنی پرۆسەکە هێڵکارییەکە دەستنیشانی قۆناغەکانی سەرەتا تا کۆتایی پرۆسەکانی نەوت و گاز:

| مۆڵەت | گەڕان و پشکنین | پەرەپێدان | بەرهەم هێنان | کۆتایی بەرهەم و داخستن | دوای داخستن |
|---|---|---|---|---|---|

بەپێی گرێبەستەکانی وەبەرهێنانی هاوبەشی حکومەتی هەرێم کەلە گەڵ کۆمپانیاکانی نەوت ئیمزای کردووە، یەکەم قۆناغ بە قۆناغی گەڕان و پشکنیین دەست پێدەکات کە جێی بایەخی ئێمەیە لێرە دا وە بابەتی زانیارییە کانی ویکیلیکسیشە.

ئەم قۆناغە بە پێی گرێبەست و یاسای نەوت و گازیش دابەش دەکرێت بەسەر دوو ماوەدا ماوەی یەکەم ٣ ساڵە وەئەگەرکۆمپانیا ویستی بچێتە ماوەی دووەم ئەوە دەبێت داواکاری پێشکەش بە حکومەت بکات، ماوەی دووەمیش ٢ ساڵە وە ئەتوانرێت ئەگەر کۆمپانیا داوای بکات ئەوە ٢ ساڵی تریش درێژ بکرێتەوە. واتە ماوەی گەڕان ٥ ساڵە ئەکرێت درێژبکرێتەوە بۆ ٧ساڵ. لە ماوەی گەڕان و پشکنیندا کۆمیتەیەک پێکدێت بۆ بەڕێوەبردن کە لە٤ ئەندام پێکدێت ٢ئەندام لە کۆمپانیا و ٢ لە حکومەت وەسەرۆکی کۆمیتەکە لەحکومەتە وەبریارەکان بە زۆرینە دەبێت ، لە حاڵەتی ڕێک نەکەوتن ئەوا دوا ئەخرێت بۆ دانیشتنی دواتر وە پاشان سەرۆکی کۆمیتەکە ڕاکەی یەکلاکەرەوە ئەبێت، کە ڕای یەکلاکەرەوە لای هەرێمە. ئەم کۆمیتەیە بووجەی ئەم ماوەیە واتە ماوەی یەکەم لە قۆناغی گەڕان دیاری دەکات و (لانی کەمی بەرپرسیارێتی گەڕان) دیاری دەکات . واتە دەبێت لەم ماوەدا چەند خەرج بکرێت. ئەم کۆمیتەیە مافی ئەوەی هەیە چەند پسپۆر و ڕاوێژکاربێنێت بۆ دانیشتنەکان سود لە پسپۆری و ڕاکانیان وەربگرێت بەڵام بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

ئەگەر بگەڕینەوە سەر ڕاپۆرتەکەی ئێکسۆن مۆبیل و کۆمپانیای ووزەی تورکی [ 80٪ ی تێچوون لە ئەستۆی ئێکسۆنە و ٢٠٪ لە ئەستۆی TEC هەریەک بە پێی گرێبەستی وەبەرهێنانی هاوبەش پشکەکەنیان لە قازانج بەم شێوەیە:

KRG %20 80% EMKRI 16% TEC

ئەوکێڵگانەی ئەم دوو کۆمپانیا وەبەرهێنانی تیا دەکات بریتین لە شەش کێڵگە( پیرمام، ئەلگوش،بەعشیقە،قەرهەنجیر، بێتواتە وە ڕۆژهەڵاتی عەربەت.

راپۆرتەکە بەم شێوەیە کێڵگەکانی هەڵسەنگاندووە.

**کێڵگەی پیرمام:**

بەرنامەی پشکنین و لێدانی بیرێکی ئەزمونی تەواوبووە ،گاز وکۆندیسینت دۆزراوەتەوە لە بیری پیرمام 1 و راپۆرتی دۆزینەوە نێردراوە بۆ وەزارەت لە 2015/04/8 ، حەشارگەکە تقدیر کراوە بە 880 بیلیون پێ سێ جا گاز و 4.1 ملیۆن بەرمیل کۆندینسەیت . زیتر لەم حەشارگەیە لە حەشارگەی پیرمامی باکوریش امکانی 110 ملیۆن بەرمیل یەدەگی نەوت هەیە کە کەوتووەتە باکوری حەشارگەکەوە.

**بلۆکی ئەلقۆش:**

لە مانگی 8 ی 2014 هەڵکەندن لەم بلۆکە وەستا بە هۆکاری ئەمنی تا مانگی 5ی 2015 کە دەست کرایەوەبەکار لە مانگی 9ی 2015 دا راپۆرتی دۆزینەوە نێردراوە بۆ وەزارەت لە 2015/09/29 لە مانگی 1ی 2016 باشترین بریتی بووە لە 256 ملیۆن بەرمیل نەوت و 131 ملیار پێ سێجا گازا ( بەپێی P5 0( هەڵسەنگاندنی حەشارگە کە

**بەعشیقە:**

دیاری کردنی بیری یەکەم لە تەواو بۆوندایە بەڵام بە هۆی بۆم باران و هۆکاری ئەمنییەوەلە 2014/8/7 کار وەستاوە ، ئەم بلۆکە زۆر نزیکە لە شاری موسڵەوە (لەژێر بەندی اسباب قاهرە) دوای ئاسایی بۆونە وەی باری ئەمنی٢ بیری پشکنین ئامادە ئەکرێت ، هەڵسەنگاندنی ئەم حەشارگەیە ئەکرێت بە 420 ملیۆن نەوت لە حەشارگەیە وە ئەگەری 160 ملیوۆن بەرمیل نەوت لەباشوری بەعشیقەش هەیە.

**قەرە هەنجیر:**

کار 32 کم داتای بوومەلەرزەیی کۆ کراوەتەوە لە چواردەوری کەرکوک. کار وەستا لە مانگی 2014/8 بەهۆی بەربەستی حکومەتی خۆجێی کەرکوکەوە. حکومەتیش ئەو ماوەیە لە 2014/8 تا 2015/9 بە وەستانی کار ئەژمار کرد( قوە قاهرە) لە 2015/11/30 دەست بەکار بوونەوە وە نزیکەی 508کم زانیاری بوومەلەرزەیی کۆ کرایەوە تا 2016/06/20 چاوەرێ دەکرێت کۆکردنەوەی زانیارییەکان تەواوبێت لە مانگی2016/10 دا . بە پێیی هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکانی ئێکسۆن مۆبیل.

لێکۆڵینەوەکان وا پیشان ئەدەن سترەکچەری ئەم حەشارگەیە بەشێوەیەکی بڵاوە ، و چڕی کەمە، پێویستی بەلێدانی - ژمارەیەکی زۆر بیر هەیە کە کاریگەریی نەرێنیی هەیە لە رووی ئابوورییەوە.

ئەستوری پایە نەوتییەکان کەمە 80-100 مەترە و رێژەی ئاوی زۆرە بە تایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتای بەرهەم دا -

-P10 بۆ کراوە و گەشتوونەتە ئەوەی کە وازی لێ بێنن و لە سە ر ئەو بنەمایەی کە بری یەدەگ لە حەشارگە کەدا لە P50-P90

بار و گونجاو نییە، لەگەڵ ئەو مەترسییانەی تریش کە لەسەرەوە باسکران.

**بلۆکی رۆژهەڵاتی عەربەت**

٢٠٣کم سێزمیک تەواوبووە و هەڵسەنگاندنی حەشارگە کراوە بە پشتبەستن بە چەند سیناریۆیەک . هەڵسانگاندنی حەشارگەکان لەلایە ئێکسۆنەوە کراوە بۆ کۆمپانیاکەمان لە 6/6 /2016

تێکرای(معدل) ئەو برەی لە حەشارگەکەدایە بەرانبەرە 396 ملیۆن بەرمیل، لەم برە 277 ملیۆن بەرمیلی نەوتە و - 659 ملیار پێ سێجا گازە( غاز) وە بری 28 ملیۆن بەرمیل کۆندینسەتە بە پێیی جۆری هایدرۆ کاربۆنەکە.

- probabilityگریمانەی P90  بۆ بری حەشارگەکە = 59 ملیۆن  بەرمیل

- probabilityاحتمالیP50  بۆ ئەو برەی لە حەشارگەکەدایە = 315 ملیۆن بەرمیل

-probability– احتمالیP10  بۆ ئەو برەی لە حەشارگەکەدایە = 859 ملیۆن بەرمیل

بە پێیی هەڵسەنگاندنی ئێکسۆن :

-.پێشبینی ئەکرێت لە پێکهاتەکەیا گازو نەوت هەبێت

- مەترسی زۆر هەیە

- مەترسیە کە ئەگەڕێتەوە بۆ کات و تەمەن و پێکهاتەی  نەوتەکە

- مەترسی  تەحەلولی بایۆلۆجی هەیە و حەشارگەکان قوڵ نین کە بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەری هەیە لەسەر ئەو برەی کەبەرهەم دێت ( کەم بەرهەم دێت)

.ئێکسۆن مۆبیل بریاری دا کە بلۆکە کە بەجێ بێلێت بەلە بەرچاو گرتنی ئەو مەترسییانە

**بلۆکی بێتواتە:**

٢٥٠کم داتای سیزمیک کۆکراوەتەوە . ئیکسۆن  پێی وایە کە سەرکەوتنی جیۆلۆجی لە م بلۆکەدا زۆر لاوازە( مەترسی بەرزە) توانای حەشارگەکان کافی نییە. EMKRIL و TECوە  بریاریان دا لە سەر گواستنەوەت 1بیری استکشافی لە بێتواتەوە بۆ بەعشیقە وە بریاریاندا بە داخستنی بلۆکەکە کە لە  مانگی 2015/11

**ئەو پارانەی کە خەرج کراوە:**

٢٠٪ی  ئەوە پارانەی کە خەرج کراوە لەلایەن کۆمپانیای TEC   دابین کراوە هەروەها ٨٠٪ی لەلایەن کۆمپانیای EMKRIL ئێکسۆن مۆبیل دابین کراوە تا بەرواری ٢٠١٦/٦/٢٧ کراوە.

بۆ هەموو بلۆکەکان بەم شێوەیە بوو:

| ناوی بلۆک | لەلایەن کۆی ئەو پارەیەی TEC خەرجکراوە بە  US$%=20 |
|---|---|
| ئەلقوش Alqosh | $59.554.538,59 |
| بەعشیقە Baeshiqa | $38.604.992,01 |
| بێتواتە  Betwate | $34.868.787,70 |
| رۆژهەڵاتی عەربەت East Arbat | $23.337.727,17 |
| پیرمامPiemam | $67.660.760,15 |
| قەرەهەنجیرQara Hnje | $47.861.661,07 |
| کۆی هەموو بلۆکەکان پشکی TEC=20% | **$271.888.466,69** |
| هەموو ئەو پارەیەی خەرج کراوە بۆ هەموو بلۆکەکان 100% | **1,359,442,333.45** |
| ئە وپارەیەی خەرجکراوە لەلایەن  EMKRIL بۆ هەموو بلۆکەکان | **1,087,553,866.76** |

پوختەی هەڵسەنگاندنە کان بەم شێوەیە:

١- کۆپانیا بڕیاری داوە کە دەست لە سێ کێڵگە هەڵبگرێت ئەوانیش ( بێتواتە[ کە سالی 2015 ئەوبڕیارە دراوە وە ئەو ئیلتیزاماتەی لێرە لەسەر شانی کۆمپانیایە ئەگوازرێتەوە بۆ بەعشیقە] ، قەرە هەنجیر وە بێتواتە) هۆکارەکانیش بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی جیۆلۆجی وتێچوونی نەوتەکە و برەکەیەتی کە لە رووی ئابوورییە وە بەلایانەوە گونجاونییە بەرهەم هێنانی زیاتری تیا بکەن ، وە لە کێڵگەی قەرەهەنجیر بە بەپێی رێکەوتنێک لە گەڵ وەزیری سامانە سرووشتییەکان بۆ دەرچون لە و بەرپرسیارییەتەی لەسەرشانیانە بری 15 ملیون دۆلار بەحکومەت ددەدەن.

٢- سێ کێڵگەکەی تر:

ا- پیرمام: ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هایدرۆ کاربۆن دۆزراوەتەوە بەپێێ گرێبەستی وەبەرهێنانی هاوبەش .و بیری ژمارە1 پیرمام لێدراوە وە پێکهاتەکەی ی گازو کۆندێسێتە.

ب- بلۆکی ئالقۆش:

- وەرگرتنی ماوەی زیادە بۆ فەیزی یەکەم

کۆکردنەوەی زانیاری سیزمیکی زیاتر لە 2017 دا -

بریار بۆ ئەوەی کە بچەنە ماوەی دووەمی گەران ە پشکنین ،و بریار دان بۆ ئەوەی بیری نوێ هەڵکەنن یان بیری ١ - ئالقۆش قوڵتر بکرێت

**ج- بلۆکی بەعشیقە:**

هەڵپەساردنی کار تا ئەوکاتەی کە هەرێم ئاسایشی کێڵگەکە دابین ئەکات - .

ئەوماوەیەی لە بەعشیقە بە هەدەر دراوە لەبەر بارودۆخی ئەمنی ئەخرێتە سەر ماوەی کاتی گەران وپشکنین ی ئەم - بلۆکە لە سەریانە 2 بیرلێدەن وە ئەو ئەرکی گەرانەی لەسەریان بووە لە بلۆکی بێتواتە گوازراوەتەوە بۆ بەعشیقە لەو ماوەیەی کە دیاری دەکرێت.

لێکۆڵینەوەی تەکنیکی بەردەوامە لە بلۆکەکاندا و دوای تەواوبونی پرۆگرامی دۆزینەوە وکەشفکردن بریار بەنزیککراوەیی لەسەر ئاست و تواناى حەشارگەکان دەدرێت کە ئایا دۆزینەوەکە بازرگانییە یان نا.

کەواتە جیاواز لەو بانگەشانەی ئەکرا، کە هۆکاری سیاسی لەپشت کشانەوەکەیە بەڵکو مەسەلەیەکی ئابووری و تەکنیکی یە وە و بەپێی یاساش دوای ئەوەی لای کەمی بەرپرسیارێتیان ئەنجامدا بە پێی بەرنامەی کاری ماوەی گەران، گەر ویستیان ئەتوانن بکشێنەوە وەهەر ئەوەش کراوە/

**(** درێژەی لایەنی تەکنیکی و ئیلتزاماتی یاسایی لە راپۆرتەکەدا هاتووە**)**


هاوپێچ:


- دەقی راپۆرتەکەی ویکیلیکس

- چەند چارتێک و روونکردنەوەی زیاتر


| بڕی ئەو پارەیەی لەو سێ بلۆکەدا خەرچ کراوە | |
|---|---|
| بێتواتە Betwate | 34,868,787.70 |
| ڕۆژهەڵاتی عەربەت East Arbat | 23,337,727.17 |
| قەرەهەنجیر Qara Hnje | 47,861,661.07 |
| **کۆ 20% = TEC لەو سێ کێڵگە یە** | **106,068,175.94** |
| **پشکی Tec بیدات لە قەرەهەنجیر** | **3,000,000.00** |
| **100٪ کۆی ئەو سێ بلۆکە** | **530,340,879.70** |
| **پشکی EMKRIL 80%** | **424,272,703.76** |
| **پشکی EMKRILبیدات لە قەرە هەنجیر 80%** | **12,000,000** |
| کۆی EMKRIL خەرجی کردووە لە و سێ کێڵگە | 436,272,703.76 |


| ناوی بلۆک | کۆی ئەو پارەیەی لەلایەن TEC خەرجکراوە |
|---|---|
| **Alqosh** ئەلقوش | $59.554.538,59 |
| **Baeshiqa** بەعشیقە | $38.604.992,01 |
| **Betwate** بێتواتە | $34.868.787,70 |
| **East Arbat** ڕۆژهەڵاتی عەربەت | $23.337.727,17 |
| **Piemam**پیرمام | $67.660.760,15 |
| **Qara Hnje** قەرەهەنجیر | $47.861.661,07 |
| کۆی هەموو بلۆکەکان پشکی TEC=20% | **$271.888.466,69** |
| هەموو ئەو پارەیەی خەرج کراوە بۆ هەموو بلۆکەکان 100% | **1,359,442,333.45** |
| ئە وپارەیەی خەرجکراوە لەلایەن EMKRIL بۆ هەموو بلۆکەکان | **1,087,553,866.76** |





| کێڵگە | ئێکسۆن مۆبیل 80% | 20% TEC |
|---|---|---|
| پیرمام | 270,643,040.60 | 67,660,760.15 |
| ئەلقوش | 238,218,154.36 | 59,554,538.59 |
| بەعشیقە | 154,419,968.04 | 38,604,992.01 |
| قەرەهانجیر | 191,446,644.28 | 47,861,661.07 |
| عەربەت | 93,350,908.68 | 23,337,727.17 |
| بێتواتە | 139,475,150.80 | 34,868,787.70 |
| **کۆ** | **1,087,553,866.76** | **271,888,466.69** |


خەرجییەکان بەپێی پشکەکان
20% TEC
ئێکسۆن مۆبیل 80%
بێتواتە
34868787.7
139475150.8
عەربەت
23337727.17
93350908.68
قەرەهانجیر
47861661.07
191446644.3
بەعشیقە
38604992.01
154419968
ئەلقوش
59554538.59
238218154.4
پیرمام
67660760.15
270643040.6


کۆمپانیای 20% TEC
ئەنەرجی تورکیا
بێتواتە
13%
پیرمام
25%
عەربەت
8%
قەرەهانجیر
18%
ئەلقوش
22%
بەعشیقە
14%


ئێکسۆن مۆبیل 80%
بێتواتە
13%
پیرمام
25%
عەربەت
8%
قەرەهانجیر
18%
ئەلقوش
22%
بەعشیقە
14%